# ڕوانگەیەك بۆ ئایندەی سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## بەرزکردنەوەی ئاستی چۆنایەتی لە سەرووی ئەولەویەتەکانە

**پرۆفیسۆر دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**8/11/2009**

ڕۆڵی دەزگاکانی خوێندنی باڵا (زانکۆکان و پەیمانگاکان) لە پرۆسەی وڵاتسازی و بنیادنانی سەرخان و ژێرخانی هەرێمدا بێهاوتایە، و بۆیە گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری لەو دەزگایانە بووەتە ئەولەویەتێکی خەڵك و خودی حکومەت. نهێنی نیە کە سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێم لەسەر شێوازە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە کۆمۆنیستە ڕۆژهەڵاتیەکان بنیادنراوە. هەیکەل و جۆری بەڕێوەبردنی دەزگاکان هەرەمین و دەسەڵاتی بڕیاردان لە چەقێکی لۆتکەییدا چڕبۆتەوە، و بە پرۆسەیەکی بیرۆکراسی کوشندە بەرەو خوارەوە شۆڕبۆتەوە، بەبێ ئەوەی ئەندامان و کارمەندان و قوتابیە خوێندکارەکان ڕۆڵیان لە داڕشتنی ستراتیژیەت و پلاندان و پرۆسەی بڕیاردان‌دا هەبێ. بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە فشار و چاوێریکردنێکی دیموکراسیانە لە خوارەوە بەرەوسەر لە ئارادابێ. هەروەها بەبێ ئەوەی پێشرەوە ئەکادیمیەکان و ئیداریەکان بکەونە ژێر فشار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و چاکردنی چۆنایەتی (نەوعیەت، کواڵیتی). ئیتر بە دابەزینی ئاست، مامۆستاکان و قوتابیە خوێندکارەکان دەبنە قوربانی سیستەم، وڵاتیش دەکەوێتە بەر مەرحەمەتی سیستەمێکی ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردن و چاکسازی و نوێسازی.

ئێستاش لە کاتێکدا کە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی قوتابی خوێندکار و ژمارەی کۆلیژ و پەیمانگاکانی هەرێم ڕوویان لە زیادبوونە، کەچی ئاستی زانستی و بەهای شەهادەکان و هەیبەتی سیستەمەکە هێشتا لە خوار ئەوانەی عیراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوەیە. جا ئایا دەتوانرێ ئەو سیستەمە سەرتاپا بگۆڕدرێ، وە سەرەڕای تەحەدا خنکێنەرەکان ئایندەی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو ڕزگار بکرێن؟ وەڵامەکەی بەڵێیە. وە ئایا هێنانە کایەوەی ئەو موعجیزەیە کارێکی ئاسانە؟ وەڵامەکەی نەخێر ئاسان نیە بەڵام بە هیممەت و هاوکاری و پشتگیری هەموو لایەك کارەکە موستەحیل نیە.

لە سەردەمی ئێستادا فرسەتێکی مێژوویی بێهاوتا هاتۆتە کایەوە کە دەکرێ بەدیهێنانی ئەو جۆرە خەونە لە واقیع نزیك بکرێتەوە. بەڵام دیسانەوە بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەدا مەزنە بە تاکەکەسێك وەیان تاکەتیمێك وەیان تاکە وەزارەتێك وەیان بە تاکدەستی حکومەت ئەنجام نادرێت، وە بەشەو ڕۆژێك وەیان ساڵێك و دووان وەیان بە تەمەنی کابینەك نایەتە کایەوە، بەڵکو بە نەفەسی درێژ و کاری هەرەوەزی بێ ووچانی تەواوی کۆمەڵگا وخەڵکی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێت. ڕاستە کێشەکەکان ئاڵۆزن و سیستەمەکە بێکەلکە، بەڵام وەك هەموو گرفت و تەحەدداکانی تری ناو سیستەمی هەرێم، دەکرێ بە ڕوانگە و ستراتیژیەتێکی ڕوون و بە پلانێکی مەدروسی درێژخایەنەوە دەست بە پرۆسەی

گۆڕانکاری بکرێ. ئەوەش ئەرك و مەسیئولیەتی حکومەت و پەرلەمان و سەرکردەکان و ڕێکخراوەکان و زانکۆکان و پەیمانگاکان و تەواوی کۆمەڵگای قوتابی خوێندکار و خەڵکانی تری هەرێمە.

**تەوەرەکانی گۆڕانکاری**

نیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوەیە کە لەمەودوا چاو بە هەموو لایەنێك و کەلەبەرێکی خوێندنی باڵا بخشێنینەوە بە جۆرێك کە هیچ یاسا و ڕێنمایی و هەیکەلێکی ئیداری لە تەواوی سیستەمدا بە پیرۆز و نەگۆڕ سەیر نەکرێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموویان دەبێ لە خزمەتی چاکردنی باری چۆنایەتی و ئاستی ئەکادیمی و خزمەتگوزاری بن و ببنە نیشانە بۆ ڕەخنەلێگرتن و چاوپێخشاندنەوە و گۆڕانکاری. تەنانەت کارو وەزیفەکانی خودی وەزارەت دەبێ مایەی چاوپێخشاندنەوە بن.

**یەکەم: ستراتیژیەتی خوێندنی باڵا**

پێویستە لە ئاستێکی بەرزەوە و بە هاوکاری تەواوی کابینەی حکومەت، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانانەوە، چاوێك بە پێداویستیەکانی هەرێم و بازاڕی کار بخشێنرێتەوە. ئەوەش بە ئامانجی هەماهەنگ کردنی بەرهەم و حاجەت. واتە، نەك تەنیا لە ڕووی ژمارەوە، بەڵکو لە رووی پسپۆڕی و تایبەتمەندیدا، ڕاهێنانی قوتابیە خوێندکارەکان لەو بوارانەدا بێ کە بازاری کاری ناو هەرێم پێویستیەتی. بۆ نموونە، لە سەردەمی گەشەی ئابووری ئێستادا، هەرێم پێویستی بە کادری خزمەتگوزاری هوتێل و چێشتخانە و گەشتوگوزار و پێشوازی فڕۆکەخانە زیاتر بووە لە جاران، کەچی لە کۆلێژ و پەیمانگاکاندا ئەوانە هێشتا نەبوونەتە بابەتی سەرەکی. هەروەها، لە بواری پیشەسازی نەوت و کارگەی بەرهەمهێنان و بیناکردنی مۆدێرندا، هێشتا ئەزمونی کادرانی هەرێم لە ئاستێکی وادا نیە کە لەگەڵ دونیای سەردەم و خێرایی گەشەکردندا هاوشان بێ. جا پێویستە بە پێی ئامار و داتاوە، حاجەتی ئێستای هەرێم دیاری بکرێ و هی ئایندەش پێشبینی لێ بکرێ و بە گوێرەیانەوە بەشەکانی کۆلێژ و پەیمانگاکان ئەنجام بدرێ.

**دووەم: ڕۆڵی وەزارەت**

هەتا پێکهاتنی کابینەی پێنجەم، لە هەرێمدا خوێندنی باڵا لە ڕێگەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا، کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی وەزیران بوو، ئەنجام دەدرا. ئەندامە سەرەکیەکانیشی بریتی بوون لە سەرۆکی زانکۆ و پەیمانگاکان، بەبێ ئەوەی کە دەزگایەیەکی سەرپەرشتیاری ئەکادیمی و چۆنایەتی لەبەردەستدا بووبێ. بۆیە سیستەمی کۆن کەموکوڕی زۆری تێدابوو. دواتر لە دوای ڕزگارکردنی عیراق و لە کابینەی پێنجەمدا، بڕیاردرا کە سیستەمی هەرێم لەگەڵ هی بەغدا هەماهەنگ بێ و وەزارەتی خوێندنی باڵا دابمەزرێ. ئیتر لە ماوەیەکی قیاسیدا، وەزارەت پێکهات و بە زوویی بۆشاییەکی بەرچاوی پڕکردەوە، کە ئەوەیش مایەی دەستخۆشیە بۆ ئەندامانی کابینەی پێنجەم و تەواوی کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

ئیمڕۆ وەزارەت ڕۆڵی چەق لە بەڕێوەبردنی سیستەمی خوێندنی باڵا دەبینێ، و گومان لە زەڕوڕەتی بوون و پەرەسەندنی ناکرێ. بەڵام ئەزموونی ئەو چەند ساڵە سەلماندوویەتی کەوا مۆدێلی عیراقی بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی باڵا مۆدێلێکی بیرۆکراتیە و توانای پەرەسەندن و چاکردنی چۆنایەتی

سنووردارە. بۆیە پێویستە بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، چاو بە وەزیفە و هەیکەلی وەزارەت و شێوازی پەیوەندیەکانی بە دەزگاکانی خوێندنی باڵا بخشێندرێتەوە. لەوەدا، پێویستە وەزارەت دەستپێشکەر بێ و بە رۆحێکی بەرز و متمانە بەخۆبوونەوە پێشڕەوەی لەو پرۆسەیەدا بکات. ئەرکی وەزارەت لەو چەند ساڵەی ئایندەدا بریتی دەبێ لە:

١- داڕێژتنەوەی هەیکەلی ئیداری زانکۆکان و پەیمانگاکان، بۆ خاتری دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیانەی مۆدێرن کە هەماهەنگ بێ لەگەڵ دونیای سەردەم و ببێتە زامینکەری مافی قوتابی خوێندکار و مامۆستا و ستافی تری دەزگاکان.

٢- چاوپێخشاندنەوەی سیستەمی دارایی و تەمویل کردنی زانکۆ و پەیمانگاکان بە گوێرەی هاوکێشەیەك کە ژمارە و چۆنایەتی تێیدا ڕەچاو بکرێ و لەسەر بنەمای پێشبڕکێی دروستکەردا بێ.

٣- چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی ئەدائی خوێندن و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگاکان، وە هاندانی بەرزکردنەوەی ئاستی چۆنایەتی بەجۆرێك کە سیستەمیانە ئەدای مامۆستا بە پلەی سەرکەوتن و تەرقیەوە ببەسترێتەوە.

٤- چاودێریکردنی لایەنە مرۆییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆ نموونە لە رووی پاراستنی یاسا و نەهێشتنی گەندەڵیی و خۆشکردنی ژینگە و سەلامەت کردنی دەوروبەر و یەکسانکردنی کچ و کوڕ و پاراستنی مافی کەمایەتیەکانی وەك غەیرە کورد و خەڵکی کەمئەندامان و هتد.

٥- داڕێژتنەوەی سیاسەتی تەمویلی زەمالەی خوێندن و گرانتی توێژینەوە، بەجۆرێك کە خوێندن لە خزمەتی بازاڕی کاردا بێ و توێژینەوەش لە خزمەتی چارسەرکردنی گرفتە تایبەتەکانی هەرێم بێ.

**سێیەم: سەربەخۆ کردنی زانکۆکان**

ئاواتی خەڵك و حکومەت و دەزگا ئەکادیمیەکانی هەرێم ئەوەیە کە ساڵ بەساڵ پلەو پایەی زانکۆکان بایی ئەوەندە بەرز بێتەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشڕەوێتی عیراق بکەن و لە ئایندەیەکی مام ناوەندیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ببنە نموونە و لە ئایندەیەکی دوورتردا لە جیهاندا ناویان بێتە ناو ناوان. تەنیا رێگر لە بەدیهێنانی ئەو ئاواتە بریتیە لەوەی کە زانکۆکان و پەیمانگاکان هەروەك هی ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەربەخۆ نین.

سەربەخۆکردنی زانکۆ و پەیمانگاکان تاکە ڕێگەی زامینکەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چۆنایەتی لە خوێندنی باڵا. پێویستە تەواوی دەسەڵاتە ئەکادیمی و دارایی و ئیداریەکان لە وەزارەتەوە بگوازرێنەوە بۆ ناو ئەو دەزگایانە، و لەوێشدا لە رێگەی هەیکەلێکی دینامیکی دیموکراسیانەوە دابەش بکرێن. کاری وەزارەتیش تەنیا بریتی بێ لە کاری تەمویل و سەرپەرشتی و چاودێری و بەدواداچوون. هەر ئەوانەش نهێنی سەرکەوتنی بەردەوامی سیستەمی وڵاتانی وەك ئەمەریکا و بەریتانیا و ئوسترالیان، کە زانکۆکانیان هەردەم سەرەلوتکەی خشتەی باشترین زانکۆکانی جیهانیان داگیر کردوە. کەچی ئەوانی وڵاتانی تری ئەورووپی وەك ئیتالیا و فەرەنسا کە زانکۆکانیان سەربەخۆیی تەواویان دەست نەکەوتووە و بە تاکوتوك ناویان لەناو لیستی باشترین زانکۆی دونیادا هەیە.

زانكۆكانی هەرێم لە وەزعی هەیكەلی ئێستایاندا توانای سەربەخۆ بوون و خۆبەڕێوە بردن و خۆچاكردنیان لەسەر بنەمای دیموكراسی نیە. واتە هەیكەلی ئیداریان توانای وەرگرتن و ئیستیعابی دەسەڵاتی خودموختاریان نیە. لە ئێستادا گواستنەوەی دەسەڵات لە وەزیرەوە بۆ سەرۆكی زانكۆ، وەك ئەوەیە دیكتاتۆرێك بە چەند دیكتاتۆرێكی خوارتر بگۆڕدرێتەوە. پێویستە هەیكەلی ئیداری زانكۆكان بەجۆرێك بگۆڕدرێن كە سەرچاوەی دەسەڵات لە خوارەوە بەرەوسەر بێ، و ئیداریەكان (سەرۆكایەتی زانكۆ و ڕاگری كۆلیژەكان) بەرپرسیار بن لە بەرامبەر مامۆستا و قوتابی خوێندكار. واتە ئەوانەی خوارەوە بتوانن ئەوانی سەرەوەتر بگۆڕن. هاوكات، بۆ چاكردنی ئەدائیش پێویستە ئیداریەكان و مامۆستا و قوتابیە خوێندكارەكانیش لە ژێر فشاردا بن، بە جۆرێك كە پێشبڕكێی ئەكادیمی و دارایی بڕیار لەسەر تەمویلی زانكۆ و تەرقیەی مامۆستایان بدات.

لێرەدا، ئەولەویەتێكی گرنگی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوە دەبێ كە بە شێوەیەكی بەرنامەیی، هەنگاو بە هەنگاو، یارمەتی زانكۆ و پەیمانگاكانی كوردستان بدات بۆ ئەوەی كۆڵەگەكانی سەربەخۆیی بچەقێنن و وورده وورده (بەڵام بەزووترین كات) دەسەڵاتەكان لە وەزارەتەوە بگوازرێنەوە بۆ ناوەوەی زانكۆ و پەیمانگاكان. ئەو كۆڵەگانەی سەربەخۆییش بریتین لە هێنانە كایەوەی ئۆرگانێكی هەڵبژێردراو كە تێیدا دەبێ خاوەنەكانی زانكۆ (مامۆستایان) وە قوتابیە خوێندكارەكان بەشداربن لە پرۆسەی بڕیاردان و پێداچوونەوە و بەدواداچوون و لێپرسینەوە.

**چوارەم: داڕێژتنەوەی یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەیی زانستی**

یاسای خوێندنی باڵای هەرێم هەروەك هەیكەلە ئیداریەكەی وەزارەت لەسەر ڕوانگەی سیستەمی ڕۆژهەڵاتی نوسراوە. بەڵێ هەندێ لایەنی نوێكاری تێدایە بەڵام زۆربەی بڕگەكانی ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندن و پێشكەوتن. لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا، پێویستە بە هاوكاری لێژنەی پەرلەمانی و بە ڕاوێژكاری پسپۆرانی جیهانی سەرلەنوێ یاساكان دابڕێژرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، لە وەزارەتدا پردێكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لێژنەی پەروەردە و سەرۆكایەتی پەرلەمان دروست دەكرێت و بە زووترین كات كار لەسەر پێداچوونەوەكە دەكرێت بۆ ئەوەی گۆڕینی یاسا نەبێتە ڕێگر لە بەردەم خێرایی گۆڕانكاریەكان.

**پوختەی پەیام**

كاروانی بەردەم خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا پێویستی بە ڕوانگەیەكی دووربینانە و نەخشەڕێگایەكی مەدروسە. ئەوەی لێرەدا پێشكەش كراوە خاڵە سەرەكی و ستراتیژیەكانن و بە مەبەستی لێداون و تاوتوێكردن خراونەتە ڕوو. دیارە كە وردەكاریەكان زۆر و ئاڵۆزن بەڵام بە بیركردنەوەی بەردەوام و كاری بێ ووچان و ئیرادەی پێشڕەوە ئەكادیمی و ئیداریەكان و هاوكاری مامۆستا و قوتابیە خوێندكارەكان و باقی خەڵكی هەرێمەوە، كاروانەكە قۆناخ بە قۆناخ دەبێ بچێتە پێشەوە.